کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# فیڵێکی تری (نیازی حەمە عەزیز)دەرخستنی راستیەکی تر

رێبوار _٥
Rebwar_a11@yahoo.com

**هەمزە گولآنی لە رونکردنەوەکەیدا ووتی** ((من پێموایە جگە لە (نیازی ) هیچ کەسێك لە پشت ئەو سیناریۆیە نیە . ))

بۆ ئەوەی لە کەلتووری بەعس و بەعسیەکان باشتر تێبگەین، ئەبێت لەو کارەکتەرە قەلەم فرۆشانە بروانین، کە تا هەنوکەش هەڵسوکەوتیان، نوسین و ئەدەبی قسە کردنیان، تەنانەت جل و بەرگ و شێوەی رۆشتنیان، بۆنی بەعس و رەنگی بەعس و ئەخلاقی بەعسی لێوە دێت.

٭ چەواشە کردن و خۆدزینەوە، بەشێکە لە خەسڵەتی نەگۆریان ، رابردوو لە لایان مانایەکی نیە. کورد ووتەنی (تەر نابن ) .

٭ وەستایەکی باشن لە هۆنینەوە و ماستا و کردن ، سروشتی مەخابەراتیانەیان هەیە ، بۆیە هەمیشە وەك کورد دەڵێت : بانێك و دوو هەوان .

٭ نوسین لە لایەن بەهایەکی نیە و لە بەرامبەر ئەخلاقی نوسیندا شەرم نایانگرێت و خەجاڵەت نابن. کێشە نیە ( چۆن دەنوسن ، بۆ کێ دەنوسن، لە کۆی دەنوسن، کەی دەنوسن ؟ ) بەڵکو کێشە لە لای ئەوان تەنها ئەوەیە هەمیشە سمێڵیان سوور بێت .

٭ بە ناوی خەڵکەوە قسە دەکەن و خەڵك بە مێگەڵ و گێل دەزانن، زۆر جار و بریار بە ناوی کەسانی ترەوە دەدەن و هەمیشەش پۆز بەوەوە لێدەدەن ، وا دەزانن ئێستاش هەر زەمانی (اذا قالة صدام قال عیراق )ە .

(نیازی حەمە عەزیز ) قەلەم فرۆشی بەعس، وەك نەخۆشێکی شیزۆفرینیا ، دووبارە بە فێڵ تەڵەکەبازی، دێتەوە نوسین و بە بێ هیچ حەیا و شەرمێك بۆ قەلەمە تەزویرات چیەکەی، تازە بە تازە و دوای زیاتر لە مانگێك لە هەڵدانەوەی مەلەفە رەشەکەی وەکو ( .......هین )خەبەری دەبێتەوە و دێتەوە قسە، دووبارە خۆی ( دیزاین ) دەکاتەوە و بە هیوای روو سپی کردنەوەی خۆی، کۆمەڵێك قسەی بەعسیانە بەدوای یەکدا ریز دەکات. لە هەمووشی خۆشتر هەرەشە دەکات.

نیازی لە دوا بابەتیدا بە ناوی (ئێستا من و رێبوار کاممان قەڵەمفرۆشین) سروشتی خۆی باشتر دەرخست، کە کەسێکی نەخۆشە و پێویستی بە دکتۆرێکی سایکۆلۆجی هەیە، بۆ لێکدانەوەی رەمز و ووشە بێسەروبەرەکانی بە نموونە ( رێبوار و رێبوارەکان ، غورفەی عەمەلیات ، حەماعەتی غورفە ، بلاجکتۆرم دەخستە سەرتان و لە غورفەکەتان دەستم پیهەڵدەبرین ....هتد ) ئەو ووشانەی (نیازی حەمە عەزیز ) دەربری ئەو راستیەیە حاشا هەڵنەگرەن کە ئەو بەرێزە جگە لە ئەدەبیاتی هاوکاری شتێکی تری پێ نیە و نەخۆشی (غورفە) و (بلاجکتۆر)ی هەیە چونکە لە مێژووی خۆیدا زۆر ئاشنا بووە بەوەی چۆن بلاجکتۆر لەسەر خەڵك دابنێت و بیانێرێتە غورفەی عەمەلیاتەوە .

سەیر لەوەدایە نیازی خۆی دەکاتە دەمراستی رۆشنبیران و دەلێت : رۆشنبیران پێکەنینیان دەهات بەو هاشو هوشە ، دواتر دەلێت: نوسەران و هونەرمەندانی بێ دەمامك، بە راشکاوی لە جیاتی منیش وولأمیان دانەوە .

١- پێش هەموو شتێك هیچ کەسێك بۆی نیە بە ناوی نوسەران و هونەرمەندانەوە قسە بکات خۆیان نەبن ، بابەتی هونەرمەندێك یاخود کەسێکی دی، بە تەکلیف پێینوسراو و بە ئیمێلەکەی خۆت بۆی نێردراوە ، ناکرێتە قیاس تا بە ناوی نوسەرەران و هونەرمەندانەوە قسە بکەیت .دەکرێت تەنها بە ناوی ئەوەوە بدوێت نەك هونەرمەندان !!

٢- ئەو بابەتانەش کە بۆ روسپیکردنەوەی تۆ نوسراون ،بەشێکیان بە پارانەوە و کروزانەوەی جەنابت نوسرابوون، بەشێکی تریش چاوپێکەتنی رۆژنامەیەکی ناوخۆیی شاری رانیە بوو، کە جەنابت لە بری ئەوان ئەزیەتت دەکێشا و وولأمی ئەوانت لە رۆژنامە دەرهێناوە و وەك بابەتێك ئەزیەتت دەکێشاو بۆت تایپ دەکردنەوە و خۆت بۆ سایتی (کوردستان نێت)ت دەنارد ، بەلگەش بۆ ئەمە بابەتێکی ( هەمزە گولأنی ) شاعیرە کە بێ ئەوەی خۆی ئاگادار بێت جەنابت چاوپێکەوتنێکی ئەوت دەستکاری کردبوو هەروەها بە ناوی ئەویش لە سایتی کوردستان نێت بلأوت کردەوە بۆ ئەوەی رووی رەشی بەعسی بونت سپی کەیەوە ئەوەتا (هەمزە گولأنی ) لە روونکردنەوەیەکەیدا کە لە هەمان سایت بلأویکردەوە ووتی :

چ پێویست بەوەدەکا (مەبەست بابەتێکە کە بە ناوی ئەو بلأو کراوەتەوە )ئەمە بە بێ ئاگاداری من و بە دەستکاری و ئیزافەکاریەوە بکرێتە ووتار و بلأوبکرێتەوە ؟؟ جارێ من بە هیچ شێوەیەك ناوی (ریبوار)م نەهێناوە ، پرسیارەکانیش بە کتێبەکەی کاك نەبەز تایبەتکرابوون، ئەوەی بە نوسین دراوەتە من و وولأمم داوەتەوە. لە پەرەگرافی کۆتایشدا دەلێم : ئەگەر دەرکەوت (نیازی ) بە بەلگەوە لە قەلەمەکانی بەعس بووە ، نەبەز گۆران لە جیاتی جارێك دە جار دەستی خۆشبێت. بێگومان هەر کارێکی نەشیاو پێویستی بە پۆزشە ، من پێموایە جگە لە (نیازی ) هیچ کەسێك لە پشت ئەو سیناریۆیە نیە .

دەی باشە کاك نیازی ئەمەیە پەرێزی جەنابت ئیتر بۆ هاشوهوشمان بەسەردا دەکەیت .

٣- نیازی لە وولأمەکەیدا هەول دەدات تەزویراتی شیعرەکەی سالی( ١٩٨٥)ی بە ناوی ( سرووودی خوێن) سپی بکاتەوە کە لە نامیلکە تازەکەی دەقی شیعرەکەی گۆریوە و ووشەکانی (یافا)ی کردوە بە (بەردەشان) و (مەحمود دەرویشی) کردوە بە (پەشێو)و (فەیروز)ی کردوە بە (شڤان) و (سەربازە قارەمانەکانی قادسیە)ی کردوە بە (پێشمەرگە) و (عروبە)ی کردوە بە (بارزان). هەروەها سالی شیعرەکەشی گۆریوە بە سالی (١٩٩٠) و باسی کیمیا باران کردنی (بالیسان) دەکات لە کاتێك شیعرەکەی لە سالی ١٩٨٥ نوسیووە !! خوێنەر بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی سەیری ئەو بابەتە بکات لە هەمان سایت ( سەلماندنی شاعیرێکی بەعسی و خائین نیازی حەمە عەزیز وەك نمونە ) .

بەلأم نیازی لە وولأمەکەیدا تەنها دەلێت : ئەمانە رەمز بوون،شاعیرەکانی تریش لەو سەردەمە ئەو رەمزانەیان بەکار هێناوە، ئەمەیان وایە بەلأم بەداخەوە نیازی وولأمی ئەو پرسیارانەی تر ناداتەوە کە بۆ ئەو ووشانەی گۆریوە و رونکردنەوەیەکی لە ژێر شیعرەکە نەنوسیوە ؟ هەروەها خۆی لە ئاست تەزویراتی سالی شیعرەکە گێل کردوە ، ئەگینا بۆچی باسی سالی شیعرەکەت ناکەی کە کردوتە بە سالی ١٩٩٠ ؟ ئەگەر تۆ بەعسی نەبویت و لە رابردووت ناترسی شیعرەکەت وەك خۆی نوسیبایەوە، چونکە ئەمە لە سەردەمێك نوسراوە کە جیاوازە لە سەردەمی ئێستا ، هەروەها تۆ

ئەم شیعرەت لە کۆڕێك بۆ دەم چەور بوونی خۆت لە ساڵی ١٩٨٥ خوێندوتەوە ، دەی باشە ئەگەر بەعسی نەویت ،بە کام حەق ئەو هەموو ووشانە دەستکاری دەکەیت و پینج ساڵ مێژووی شیعرەکە پێش دەخەی بەلاّم لە ژێر شیعرەکە رونکردنەوەیەك نانوسی ؟؟؟ کێ هەیە لەو شاعیرانە (کە بەرێزت گوناهە بۆ ناویش بێت بخرێتە ریزی ئەوانەوە ) ئەو تەزویراتانەی کردبێت و خۆی لە خەتی سی و شەش دابێت ؟

٤- ئەگەر ناوی (شیرین ) ناوی خوازراوی بەرێزت نیە ئەو بۆ لە وولاّمێکتدا ووتت ( رێبوار پاشەکشەی کرد و ئەوەی ویستی لە بوختان و دەلەسە زیاتر نەبوو .ئەگەر وانیە کوا ئەو نوسینانەی من کە بە ناوی خوازراوی (باوکی سۆما ، شیرین ، سۆما ...هتد )بلاّوم کردونەتەوە ؟؟ لە کوێ بلاّوکراونەتەوە و لە چ بەروارێکدا ؟؟ من ئێستاش دەڵێم بێمنەتم و ( ئەوە ئەرز و ئەوە گەز )) دەی باشە دوای ئەوەی بە بەڵگەی گۆڤاری بەیان ژمارە ( ١٢٩ ) ئاداری ساڵی ١٩٨٧ لاپەرە ( ١٣_١٤ ) بابەتێکت بەو ناوە خوازراوە خرایە روو بەناوی ( تۆماری جەنگ _ گەلانی ئێران لە ژێر سێبەری ئاخوندەکان دەناڵێنن ) ئێستا بۆ شەرم لە شیرین بوونی خۆت دەکەی و دەلێیت ئەو نیم ؟!

٤- نیازی لە سایتی بە ناو(رۆشنایی)خۆیدا، باشتر شەخسیەتی خۆی دەردەخات ورۆژانە بە درۆو دەلەسە و سوکایەتی پێکردنی خەڵکەوە ، خۆی نمایشی هەموان دەکاتەوە، لە هەمووشی خۆشتر، ئەو سایتە کە سەرلەبەری ناوی خوازراوە ، کەچی نیازی لە وێدا بابەتێك بە ناوی خۆی بلاّو دەکاتەوە دەیەوێت فێڵ لە خوێنەران بکات و بلێت من لەو سایتە کار ناکەم و پاکانە دەکات ، بێئاگا لەوەی کە کورد دەلێت دار هەڵبرێت ......

دواجار ئەمانە خۆشیرین کردنن بۆ مەرامێکی سیاسی و خۆشبەختانەش ئەم فرت و فێڵانەت وەك مانگی چواردە دیارن . چونکە لای هەموان روونە کە پێشینان راستیان فەرمووە کە دەڵێن : خوی شیری تەرکی ناکەی بە پیری .